www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 26-9-2006 23:54

تیرۆریزم و جەنگی هەزارەی نوێ ... ئارام سدیق

تیرۆریزم خولقاندنی ترس و تۆقاندنە بە مەبەستی هێنانەدی گۆڕانکاری سیاسی هەموو کارێکی تیرۆریستانە چەردەیەك تووندوتیژی تێدایە و لە لایەنی گروپە نا حکومییەکان یان تاکەکانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەو گر و پانە بەشێك نین لە هێزی سەربازی، یان دەزگاکانی جێبەجێ کردنی یاسا، یاخود دەزگای هەواڵگری، یان هەر دەزگایەکی تری حکومی ناو دەوڵەت، هەروەها هیچ سیفەتێکی ڕەسمی دیکەشیان نییە.

. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی تیرۆر زیاتر لە 2000 ساڵ لەمەوبەر یەکەمینی ئەو کارانە ئەنجام دراون کە ئێستا پێیان دەڵێن کاری تیرۆریستانە، ئەو کارانە لەلایەن گر و پێکی بە جۆش و خرۆشەوە کراون، لەسەدەی یەکەمی زایینداا گر و پێکی جولەکە لە جیودیا چالاك بوون. ئەو جولەکە پڕجۆشانە بەرەنگاری فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان بوونەوە، ئەوەی کە ئیمڕۆ پێی دەوترێت ئیسرائیل.

هەنووکە ئەم کێشمەکێشانە، لە نێوانی گەلە خاوەن دەوڵەتەکان و ئایدیۆلۆژیاکاندا، لەپلەی یەکەمدا کێشەبوون لە ناو شارستانێتی خۆراوادا، هەروەك "ولیەم لیند" پۆڵێنی کردوون (شەڕە ناوخۆییەکانی خۆئاوا) بوون. ئەمە بۆ جەنگی سارد دروستە، هەروەك بۆ جەنگە جیهانییەکانیش و شەڕەکانی سەدەکانی حەڤدەو هەژدەو نۆزدەش دروست بووە. لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی ساردا، سیاسەتی جیهانی بەرەو قۆناغە خۆئاواییەکەی کەوتە ڕێ و، سەنتەری سەرەکیشی بوو بەکارلێکی نێوان شارستانێتییە خۆراوایی و ناخۆئاواییەکان، هەروەها لە نێوانی شارستانێتییە ناخۆراواییەکانیشدا سەریهەڵدا. لە سیاسەتی شارستانێتییەکاندا، بۆیە دەبینین دیارترن دیاردەی جیهانی ئەمڕۆسەرهەڵدان و تەشەنەسەندی تیرۆریزمی نێودەوڵەتییە بە ڕابەرایەتی ریکخراوی ئەلقائیدە و ئوسامە بن لادن.

تیرۆریزم لە سەرانسەری جیهاندا بە شێوەی نوێتر خۆی دادەهێنێتەوە و شێوەی نوێتر و خەتەرناکتر وەردەگرێت، کە گروپە دێرینەکان دەبەزن یان شەکەت دەکرێن. گروپی نوێتر و ڕادیکاڵتر و بگرە تووندوتیژترییش جێگاکانیان دەگرنەوە. لەوەناچێت بتوانرێت تیرۆریزم بە تەواوی ریشەکێش بکرێت، بۆیە ڕووبەڕوو بونەوەی هەڕەشەکانی پێویستی بە ئاگاییەکی بەردەوام هەیە. سر و شتی زۆر ناوازەی تیرۆریزم، فرەیی و جیاوازی ئەوانەی ئەنجامی دەدەن، ئاڵۆزی خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی، مایەی تەحەدایەکی گەورەن بۆ ئەوانەی دەیانەوێت ڕووبەڕووی مەترسیاکانی ببنەوە، بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە ترسناکەی کە هەزارەی نوێی تەنیوەتەوە لە هەموو کایەکانی ژیاندا پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوەی عەقڵانی هەیە و خۆ ئەگەر ئەو جەنگەی کە چاوەڕوان دەکرێت بەرپابێت ڕوو بدات ئەوا قوربانیانی ئەم جەنگە زیاتر دەبن و بە تەنها تۆژێکی دیاری کراویش ناگرێتەوە بەڵکو هەموو چین و تۆژەکانی سەرجەم کۆمەڵگە جیاجیاکانی دنیا تێیدا هەم قوربانین و هەم شەرکەریشن.